# واتای ڕاستی دیسپلین چییە؟

“کێن گینزبێرگ” (Ken Ginsburg)

**وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:** ئێحسان نەزەت مستەفا

**دیسپلین واتە فێرکردن نەك سزادان و کۆنترۆڵکردن.**

یەکێك لە گرنگترین ئەو ئەرکانەی لەسەر ئێمەی دایك و باوکانە، بریتییە لە لەقاڵبدانی منداڵەکانمان بۆ قۆناغی هەرزەکاری و ئامادەکردنیان بۆ ئەوەی لەم دونیایە پڕ ڕێسا و داخوازییەدا خۆیان بگونجێنن؛ ئەمەیش چۆن ئەنجام دەدرێت؟ بێ گومان لەڕێی دیسپلینەوە. دایك و باوکایەتی واتە گۆڕینی مرۆڤێکی کەمتەمەن کە چاوی لە دابینکردنی پێداویستی و دڵخۆشییە، بۆ مرۆڤێك کە پابەندی ڕێساکان بێت و ئامادە بێت بۆ پێکەوەژیان لە جیهانێکدا کە زۆر خەڵکی تریش تیایدا پێویستیان بە زۆر شت هەیە. زیاتر لە پێکەوەژیانیش، دەمانەوێ کاتێك منداڵەکانمان گەورە دەبن مرۆڤی ڕێزداریان لێ دەربچێت و لە بەرامبەریشدا کەسانی تر ڕێزیان لێ بگرن. دەمانەوێ منداڵەکانمان سەرکەوتوو بن، ئەمەیش واتە دەبێت لە قوتابخانە و شوێنی کاردا بەدروستی هەڵسوکەوت بکەن.

تێگەیشتن لەوەی کە چۆن و باشترین شێوازی فێرکردنی دیسپلین چییە، لە تێگەیشتنی خودی مانای دیسپلین یارمەتیمان دەدات. ڕەگی وشەی دیسپلین لە ”دیسپل”ەوە هاتووە، واتە فێرکردن یان ڕێنیشاندان، نەك سزادان یان کۆنترۆڵکردن، کە ڕەنگە ئێوە وا بیر بکەنەوە بۆ تێگەیشتن و بەکارهێنانی وشەی دیسپلین ماناکەی لەمەی زیاتر بێت، بەڵام تۆ دەتوانی بە شێوازێکی ئاسانتر وا دا بنێی کە ماناکەی “فێرکردن یان ڕێنوێنیکردن”ە.

**تێگەیشتن لە دیسپلین**

پێویستە دیسپلین شێوازی هەڵسوکەوت دیار بکات نەك مەبەستی کۆنترۆڵکردن بێت. ڕاستییەکەی، ئەو منداڵانەی بە مەبەستی کۆنترۆڵکردن فێری دیسپلین کراون، زۆربەیان منداڵی یاخییان لێ دەرچووە. بیر لەو منداڵانە بکەنەوە کە بە شێوازی دایك و باوکایەتیی زۆردارانە پەروەردە کراون، کاتێك دایك یان باوك پێی دەڵێت “من چی دەڵێم دەبێ وا بکەی، کاتێکیش منداڵەکە پرسیار دەکا بۆ؟ لە وەڵامدا دەڵێ “چونکە من دەڵێم وا بکە.” ئەمەیش وا دەکا لە تەمەنی منداڵییاندا باش هەڵسوکەوت بکەن بەڵام کاتێ گەورە دەبن و چاویان دەکرێتەوە، ئیدی چیتر بەباشی هەڵسوکەوت ناکەن. زۆر لێکۆڵینەوە ئەوەیان دەرخستووە کە زۆر کەس لە تەمەنی منداڵییاندا کە پێشتر بە شێوازی دایك و باوکایەتیی زۆردارەکی بە سەپاندنی ڕێکاری زۆر و کەم پێدانی سۆزەوە پەروەردە کراون، هەڵسوکەوتی زۆر ترسناك ئەنجام بدەن. ئەوان تا بچووکن گوێڕایەڵن، بەڵام هەر کە بوونە سەرووی دە ساڵان، ئیتر گوێڕایەڵ نابن.

کاتێك دیسپلین بە مانای کۆنترۆڵکردن دێت، ئەوا دەرەنجامی پێچەوانەی لێ دەکەوێتەوە چونکە تەنیا ئەو کەسانەی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژی تەمەنیان لەژێر کۆنترۆڵکردنی دایك و باوکیاندا ژیاون، دەتوانن وەك

خۆیان بەو شێوەیە بمێننەوە. هەر کاتێکیش دیسپلین بە مانای سزادان بێت، ئەوا سزادانەکە بۆ پەروەردەکردنی منداڵ بە درێژایی تەمەنی، کاریگەر و بەردەوام نابێت. ئەمە بە پێشنیارێکی هەڵە تێ مەگەن کاتێك کە دەڵێم هەڵسوکەوتە قبووڵنەکراوەکان هیچ دەرەنجامێکیان نابێت، سەرەڕای ئەوە من دەڵێم پێویستە بۆ منداڵەکە دیسپلین دەرەنجامی زۆر ئاشکرای هەبێت.

بۆیە ئەم بابەتەم نووسیوە چونکە ئەم دەسکەوت (امتیاز)ەم لەدەست چووە. بە مانایەکی قووڵتر، چ مەبەستمان بێت یان نا، تەنانەت دەمانەوێ منداڵەکانمان پەیوەندییەکی ڕوونتریان لەگەڵ ئێمەدا هەبێت. ئەنجامی کارەکەم واتابەخشە، چونکە ئەو دەستکەوتەی من لەدەستم داوە، پەیوەندیی بەم بابەتەی منەوە هەیە. بۆ نموونە: ئەگەر منداڵەکەت چەند خولەکێك زووتر لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا بیەوێ بچێتە دەرەوە، ئەوا هیچ پەیوەندییەکی لۆژیکی لە نێوان چوونەدەرەوەکە و بزرکردنی تەلەفۆنێك یان یارییەکی "ئاتاری"دا نییە. لە لایەکی ترەوە، لەوە تێ دەگەین کە ئەگەر بێت و کاتی چوونەدەرەوەکە کاتژمێرێك زووتر بێت، یان ئەگەر منداڵێك بەباشی وەڵامی تاقیکردنەوەکەی نەدابێتەوە، ئەوا دیارە کە وانەکەی نەخوێندووە؛ جا بۆیە زۆر باشترە ئەگەر بە منداڵەکە بڵێن، دەبێت لە کاتی دیاریکراوی خۆتدا بێیتە ماڵەوە ئەگەرنا ناتوانیت یاریی ئاتاری بکەیت و سۆشیال میدیا بەکار بهێنی تا ئەو کاتەی گشت ئەرکەکانی خوێندنی ماڵەوەت تەواو نەکەیت. هەروەها دەبێت هەموو ئەم شەوگارە پڕ لە ڕێسایانە بەباشی چاودێری بکرێن، بۆ ئەوەی قوتابییەکە بتوانێت لە خوێندنەکەیدا باش بێت و بەرەو پێشەوە بڕوات.

هەستی منداڵەکە چۆن دەبوو ئەگەر زیاتر بخرابایە ژێر پاڵەپەستۆوە؟ واتە ئەگەر منداڵەکە سزا درابایە، ئەوا هەستی بە تاوان دەکرد. کاتێکیش کە منداڵێك هەست بە تاوانبارکردنی خۆی دەکات و ئەو جۆرە کردارەیشی کە کردوویەتی، بە هیچ جۆرێك پەیوەندیی لۆژیکیی بە لێکەوتەی ئەو کردارەوە نەبێت کە پێی تاوانبار کراوە، ئەوا دڵگران دەبێت بە واتای ئەم بابەتەم.

**پێدانی خۆشەویستی و ڕێساکان:**

ئەو دایك و باوکانەی شێوازێکی باڵانسکراو (هاوسەنگکراو)ی دایك و باوکایەتییان هەیە، ڕێسا و خۆشەویستی بە منداڵەکانیان دەبەخشن، منداڵەکانیان بە دەسکەوتی ئەکادیمیی باشتر، سۆزداریی زیاتر و تەندروستییەکی باشتری مێشکەوە، بەخێو دەکەن و کەمتر دوچاری ئەنجامدانی هەڵسوکەوتە ترسناکەکان دەبن.

**دایك و باوکە خاوەن باڵانسەکان دوو شتی سەرەکی بە منداڵەکانیان دەڵێن:**

**1-** تۆم خۆش دەوێ و ڕێگەت پێ دەدەم خۆت زۆر وانە فێر ببی، لەوانەیش وانەی ئەو هەڵانەی خۆت ئەنجامی دەدەی، بەڵام بۆ ئەو شتانەی کار دەکەنە سەر سەلامەتیت، ئەوا دەبێ ئەوە بکەی کە من پێتی دەڵێم.

**2-** ئامانجی من ئەوەیە تۆ لە ژیانی خۆتدا سەربەخۆ بیت؛ دەزانم ئەمە واتە پێدانی دەسکەوتی زیاتر بە تۆ کاتێك تۆ بتوانی سەرەدەری لەگەڵ ئەم دەسکەوتانەدا بکەی. تۆ ئەم دەسکەوتانەت بۆ دێتە پێش، کاتێك توانای بەدەستهێنانی دەسکەوتەکانت هەبێت؛ بە هەمان شێوەیش تا تۆ نەتوانی بەدروستی مامەڵە لەگەڵ فراوانتربوونی ئازادییەکانتدا بکەی، ئەوا نایشتوانی ئازادیی زیاتر بەدەست بێنی. ئەگەر وا دەربخەی کەوا ناتوانی مامەڵە لەگەڵ ئەو دەستکەوتانەدا بکەی کە ئێستا خاوەنیانی، ئەوا ئەوکات من ناچار دەبم ئەو

دەسکەوتانە لە تۆ وەرگرمەوە تا ئەو کاتەی دەتوانی دووبارە بیسەلمێنی کەوا دەتوانی بەدروستی مامەڵە لەگەڵ ئەو ئازادییانەدا بکەیت.

کێ بەرپرسە؟ منداڵەکە بەرپرسە. منداڵەکەت بەرپرسە لەوەی چ جۆرە دەستکەوت بەدەست بهێنێت، ئەویش لە ڕێگەی دروست جێبەجێکردنی ئەو بەرپرسیارێتییانەی لەسەریەتی. ئەمە تاقی بکەرەوە؛ زۆر دڵخۆش دەبی بەوەی کە هەر کاتێك دەبینی کە وا خەریکە منداڵەکەت فێری چەند شتێك دەبێت و تێ دەگات کە ئەو ئێستا بەرپرسە لە کارەکانی خۆی، ئینجا ئەوکات بزانە کە ئەم منداڵە بەباشی فێری دیسپلین کراوە.

**سەرچاوە:**

https://parentandteen.com